# ساتێک بۆ مەرگی پرسەرووەری شەهیدی گومناو ... مەحموود حاجی عومەر

داودی حەمەی عەلی گیان. لەیادی 28 هەمین ساڵرۆژی شەهید بوونیدا!

وا بیست و هەشت ساڵ تێپەڕی بەسەر مەرگی ناوەختی لاوی جوامێرو جوانخاسی دەڤەری خانەقین، كادری تێكۆشەری (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان) و پێشمەرگەی قارەمانی مەفرەزەسەرەتاییەكانی (یەكێتی ی نیشتیمانی ی كوردستان) شەهید داود محەمەد عەلی، كەلەو سەردەمەدا بەهاوڕێ (خوسرەو) ناسراو بوو.

شەهید داود 1950لەئامێزی ماڵەجوتیارێكی گوندی دەككەی حاجی برایم بەری خانەقین لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەخانەقین وئامادەیی لەجلولا تەواو كردووە. پاشان خانەی مامۆستایانی كەركووكی تەواو كردووە.

ئەمیش مۆستایانی كەركووكی تەواو وەك هەر لاوێكی ئەو سەردەمەلەناوەڕاستی شەستەكاندا پەیوەندی كردوەتەشۆڕشی پێشووەوە، پێشمەرگەبووەتا نسكۆی 75. پاش ئاشبەتاڵیش تەسلیم نەبوەتەوەوەك سەدان هەزا ر كوردی ئاوارەبۆ ماوەیەكی كەم لە یەكێك لەكامپەكانی ئێراندا گیرساوەتەوە. هەر پاش چەند مانگێك لەرێگای برادەرێكەوەبەناوی (خلَف زێباری) بەشۆڕشی نوێ ئاشنا دەبێ لەگەڵ دوو هاوڕێ ی كۆنەپێشمەرگەی تر كەئەوانیش بەڕێزان كاك عادیل شكور و كاك سامان گەرمیانی بوون. كەئێستا خۆشبەختانە هەردووكیان لەژیان ماون.

لەو دەمەی كەبەهەزاران پێشمەرگەو سەدان لێپرسراوو دەیان سەركردەتەسلیم بەرژێمی بەعس دەبوونەوە، یان ملی رێگای ئامریكاو ئەوروپا یان دەگرتەبەر، ئەم سێ هاوڕێ بەدەست لەملانی رێگای دوورو درێژی هات و نەهات وچارەنووسێكی لێڵ و نادیار، بەپیادەلەپایزی ساڵی75، لەئێرانەوەبەناو خاكی توركییەڕوو لەووڵاتی شام بەرێكەوتوون. دوای چەندین نارەحەتی و زەحمەتی زۆردەگەنەقامیشلی ولەناوەڕاستی مانگی ئۆكتۆبێری1975، پەیوەندی بەمەفرەزەسەرەتای یەكانی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستانەوەدەكەن. *كاك نەوشیروان موستەفا لەبیرەوەرییەكانیداو لەكتێبی:

لەكەناری دانوبەوەبۆ خڕی نێوزەنگ. نووسیویەتی:--

ڕۆژی 23/12/1977لەكاتێكدا من لەنەمساوەگەڕامەوەبۆ سوریا، لەسوریا ئەم كۆمەڵەپێشمەرگەقارەمانەلەوێ بوون، لەخۆڕێكخستن و ئامادەباشیدا بوون بۆ كوردستان بگەڕێنەوە.

لەنێو (كەوانە) یەكدا ناوی كۆمەڵێ پێشمەرگەی نووسیوەیەك لەوانەناوی (شەهید داود) ی هێناوە. . شەهید داود و هاورێكانی پێشترهەربەگەیشتنیان بەسوریا، لەوێ لەلایەن شەهیدی نەمرئیبراهیم عزۆ لەریزەكانی كۆمەڵەرێكخرابوون. !

ئەوەی شیاوی باسەئەو ئۆروپا یەی كەئێمەو مانان بەهەزاران دینارو دۆلاری بۆ خەرج دەكەین لەپێناو ئیقامەیەكی ئینسانی یدا!، ئەوەدەمەبۆ شەهید داود لەلایەن ووڵاتی نەمسا وەئیقامەی سیاسی بۆ دەرچووە. بەڵام ڕەتی كردووەتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەڕووی لەژیانی سەختی پێشمەرگایەتی كردووەو چەكی خەبات و تێكۆشانی كردوە شان و هەر یەكەم مەفرەزەی دوای شەهید برایم عزۆگەڕاوەتەوەكوردستان و بە ڕابەری سیاسی ناوچەی باڵەكایەتی یەكێتی ینیشتمانیی كوردستان بەپێشمەرگەوخەڵكو شاخ وداخی كوردستانی سوتماك ناسێندرا. ئەم كادیرەتێكۆشەرەئەگەر چی تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر نەبوو،

بەڵام هەر زوو لەناو هاوڕێ و هاوسەنگەرانیدا جێ گای شیاوی خۆی کردەوەو لەناوچەی باڵەکایەتیش ڕۆڵێکی جوامێرانەی گێڕا لە هوشیارکردنەوەی خەڵکدا. تا ئێستاش لەدەڤەری باڵەکایەتی زیاتر دەناسرێ تا گەرمیان.
زۆر بەداخەوەلەیەکێك لەڕۆژەسەختەکانی زستانەساردەکەی ساڵی 1977 لەکاتێکدا کەبۆحەوانەوەبەمەفرەزەیەکەوەلەگوندی شێخانی کوردستانی ئێران، وەکوو کولتوری هەمیشەیی پێشمەرگایەتی دابەش (تەوزیع) دەبن. دوای ئەوەلەلایەن کوێخای گوندەکەوەهەواڵیان لەدەست دەدرێتەئارتەشی ئێرانی، دەست بەجێ هێزێکی زۆری سوپای دوژمنیان دێتەسەرو بەتەواوی گەمارۆ دەدرێن. پاش سێ ڕۆژبەرگری کردن، هاوڕێکانی خۆیان بەناچاری تەسلیم بەدوژمن دەکەن! بەڵام شەهید داود کەکادیری سیاسی یە، پێ ی شەرمەخۆی بەزەلیلی ودیلی دەستی دوژمن ببینێ!!! بۆیەدوافیشەکی ناو تفەنگەکەی بەنێودەمی خۆیەوەدەنێت وبەدەستی خۆی خۆی شەهید دەکات!. کەسێك هێندەبەجەرگ و بوێر بێت بۆ ئەوەی دیلی دەستی دوژمنەکەی نەبێ دەستی چووەژیانی پڕ لەسەروەری خۆی!؟لەوەش گرنگتر بوو بەکلیلی ئازاد کردنی هاوڕێکانیشی!چونکەبەو کارەخۆکوژییەهەڵوێستەکەشدەگۆڕێ. ! دواتردوژمن هاوڕێکانی ئازاد دەکات. تەرمی پیرۆزی ئەمیش دەبرێتە کێلەشین دەینێژن. ئەو گیانی خۆی بەو جۆرەو لەپیناوی سەربەرزی خۆی و رزگاری هاوەڵەکانی و سەربەستی گەلەکەی بەخت کرد.
بەڵام بەداخەوەبۆ هاوڕێ و هاسەنگەرانی، بەتایبەت مەڵبەندی ڕێکخستنی خانەقین کەدەبینین وا یێستا شاری خانەقین ئازادو سەربەرزە، دەبوو لەبۆنەیەکدا بەبایەخەوە یەکەم پەیکەری شەهید بۆ داود بەجوانترین شێوەدروست بکرایەلەسەنتەری شاریی خانەقین دا. ! یاخود ئەو هۆڵەی کەوا یێستا بەناوی مۆستا مەجید ئیبراهیمەوەکراوەتەوەبا بەناوی شەهید داودی حەمەی عەلی گیان بکرایەتەوە. !؟ من نامەوێ لەخەبات و ماندووبوونی کەس کەم بکەمەوە. بەڵام ئولەویەت بۆ شەهید داودە، کەجگەلەوەی بۆ خۆی کادری فەرماندەو شەهیدی سەنگەرە، دوو برای تریشی بەناوەکانی سەلا ح و شێرزاد شەهید بوون. برایەکی تریشیان بەناوی مامۆستا سەباح زیندانی سیاسی بووە.
بە(حوکمی ئیعدام) تا لێبووردنی گشتی زیندانی بووەبۆ ماوەیەکی زۆر. ! هەروەها بەگشتی ئەو خێزانەزۆر جارتووشی گرتن و ڕاوەدوونان و ماڵ تاڵان کردن بوونەتەوە.
کەچی تا ئێستا لەهیچ ساڵێکی ساڵیادی ئەو شەهیدانەیادێکی شایستەبەخۆیان نەکراونەتەوە. ئەگەر چی کەمیش نین ئەو خانەوادانەی کەلەپێناوی کوردوکوردستاندا کەسەئازیزەکانیان بەقوربانی نەکردبێ. بەڵام ئێستا لەو بارودۆخەدا هەقەلەشاری زێدی شەهید داودومحەمەد یاوەردا گەورەترین پارك - پرۆژە- هۆڵ- هەرشتێکی لەو بابەتانەیان بەناووەبکرێ. . ئەمەهەم ڕەخنەو هەم پێشنیارێکەبۆ مەسئولین و کاربەدەستانی یەکێتیی لەشاری سەوزی خانەقین. ئومێد دەکەم بەهەند لێم وەرگرن.

مەحموود حاجی عومەر